کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 28-4-2007 0:19

## کورد لە نێوان ئاین و نەتەوەدا... مەریوان نەقشبەندی

ساڵی 2003 دوای پرۆسەی ئازادکردنی عیراق ئەمریکیەکان هاتنە ناو باڵەخانەی وەزارەتی ئەوقاف لە هەولێر و هەموو ئوتومبیل و چەك و جبەخانەسەربازیەکەیان هێنایە ناو حەوشە و ژوورەکانی وەزارەت، کاتێك بەچاوی خۆیان بارودۆخی ناو وەزارەتیان بینی و وەزیری ئەوقاف نارەزایی دەربری، گوتیان داوای لێبوردن دەکەین وامانزانی ئەوانەی لەناو وەزارەتتدا کاردەکەن هەموویان تیرۆرستن و چاوەڕێشمان دەکرد فەرمانبەرە پیاوەکانی ئەم وەزارەتە هەموو ریشیان هەبێت و ئافرەتەکانیش پەچەیان هەبێت و دەموچاوداپۆشراوبن و ئامادەش نەبن لەگەڵ هیچ بیانیەکدا قسە بکەن، زانیاری هەڵە لەسەر وەزارەتی ئەوقاف و مەلای مزگەوتەکان و مامۆستایانی ئاینی بەئێمە درابوو،

ئیتر دوای ئەوە سەردان و ئاڵوگۆری پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا و بەریتانیا ودواتریش لەگەڵ هێزەکانی کۆریای باشوور ئاسایی بوو بەجۆرێك کۆریەکان پێداویستی جۆراوجۆری وەزارەتی ئەوقاف و دەیان مزگەوتی کوردستانیان دابین کرد و بەشێوەیەکی رەسمیش وەزارەتی بەرگری کۆریای باشوور لەوڵاتەکەی خۆیاندا میوانداری لەشاندێکی وەزارەتی ئەوقاف کرد کە چەند مامۆستایەکی ئاینی ئیسلام بەشداریان تێدا کرد و زیاتر لەهەفتەیەکیش لەشارەکانی کۆریای باشوور مانەوە، ئێستاش رەنگە کۆمەڵگای کوردی بەناوهێنانی وەزارەتی ئەوقاف خێرا نیشانەیەکی پرسیار لەپێش چاوی خۆی دابنێت و دەستبەجی باڵەخانەیەکی پڕ لەمەلا و خەڵکی ئوسوڵی فەرمانبەری ئافرەتی (موحەجەبە) بێتە پێش چاوی، یان لەوانەیە هەروەك شێخ محەمەد شاکەلی وەزیری ئەوقاف لەدیمانەیەکدا لەگەڵ رۆژنامەی (پرس) گوتی: خەڵکی وادەزانێت ژێر مەندیل وعەمامەی مەلاکانمان پڕیەتی لە قومبەلە و (تی ئێن تی)، بەڵام لەراستیدا ئەمانە هەمووی تێروانینی هەڵەیە و بەداخەوە دەڵێم هێشتا زۆربەی کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردستان، بەتایبەتیش کەناڵەکانی راگەیاندنی پارتی و یەکێتی بەشێوەیەکی واقیعی و زانستیانە لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف و رەوشی پێکەوەژیانی ئاینی و کلتووری مامەڵە ناکەن و رەنگە ئەوەش هۆکارێکی سەرەکی بێت لەوەی تائێستا ئێمەی کورد سەرەرای ئەوەی زۆرینەی هەرەزۆری موسلًمانە و بەشێوەیەك لەشێوەکان ئیلتیزامی ئاینیان هەیە بەڵام هێشتا نەمانتوانیوە سوود لەئاین وەربگرین و کێشە نەتەوەییەکەمانی پێ ببەینە پێشەوە هەروەك زۆربەی نەتەوەکانی دیکە و بەتایبەتیش نەتەوەکانی دراوسێمان لەم رێگایەوە توانیان ببنە خاوەنی دەوڵەت و سەنگی سیاسی و نەتەوەیی، لەکاتێکدا زۆربەی ئەم نەتەوە خاوەن قەبارە و دەوڵەتانە بەهیچ بنەمایەکی ئاینەوە پابەند نابن ئەگەر لەبەرژەوەندی نەتەوەییاندا نەبێت، نێوەندە بریاربەدەستە سیاسی و ئیعلامیەکانی کوردستان و هەندی جاریش نوسەر و رۆژنامەنووسەکانیش هێشتا نەیانتوانیوە لەگەڵ ئەوقاف و مەلا و ئایندا مامەڵەیەکی دیموکراتی و واقعیانە بکەن و رەنگە ئەوەش هۆکارێك بێت بۆ ئەو حەساسیەتەی ئێستا لەنێوان (ئیسلام) وکادیرەکانی راگەیاندنی هەردوحزبی دەسەڵاتدار هەیە و رەنگە ئەم حەساسیەتەش لەنێوان ئیسلام و بەرپرسانی باڵای حزبەکانی کوردستانیشدا هەبێت بەڵام ئەمان بەهۆی ئیلتیزاماتی سیاسی وئیداری و ئەو دروشمانەی کە بۆ دەسکەوتنی دەنگی موسڵمانە (ملتزم) ەکانی کوردستان لەهەڵبژاردنەکاندا داویانە و دەیدەن، ناتوانن راستەوخۆ ئەو حەساسیەتە بەرامبەر مزگەوت و مەلا و موسڵمانە (ملتزم) ەکان ئاشکرابکەن، لەکاتێکدا دەبوو سەرکردایەتی سیاسی کوردستان راشکاوانەتر پەیامی خۆی لەم بارەیەوە بگەیاندایە و لەم دۆسێیەدا خۆی یەکلای کردبایەوە، ئەوەش برواناکەم هیچ ئیحراجبوونێکی بۆ دروست بکات چونکە حزبەکانی کوردستان بەتایبەتیش پارتی و یەکێتی روبارێك خوێن و شاخێك قوربانیانداوە لەپێناو گەیشتن بەئازادی هەرێمی کوردستان و دروستکردنی پەرلەمان و حکومەت و ئەو سەقامگیریەی ئێستا لەئارادایە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

(ئیسلامی) ەکانی کوردستانیش حەق نیە رازی ببن مینبەری مزگەوتەکان بۆ دەسکەوتی حزبی بەکاربهێنری و ئەگەر هەستیان کرد پارتی و یەکێتی و هەر حزبێکی دیکە هەوڵ دەدات لەرێگای مزگەوتەوە دەسکەوتی حزبی بەدەست بێنێت با بیکەنە هەڵا و لەکەناڵەکانی راگەیاندنی خۆیاندا ئاماژەی بۆ بکەن و رەخنەش لەوەزارەتی ئەوقاف بگرن، (ئیسلامی) ەکانی کوردستان (مەبەستم حزبە ئیسلامیەکانە) دەیانتوانی هەنگاوی سیاسیانە و زیاتر ژیرانەیان لەم بارودۆخەی کوردستاندا بنایە و زیاتر راسگۆیانە بەخەڵکی کوردستان بڵێن ئێمە وەك پارتی و یەکێتی حزبی سیاسین و بەرنامە و ستراتیژیەتی نەتەوەیمان هەیە و جیاوازیەکەشمان لەگەڵ ئەوان زیاتر لە بنەما ئاینی و یاسایی و کۆمەڵایەتیەکاندا چڕدەبێتەوە و بۆ پەیداکردنی متمانەش دەبو لەو تەنگژەیەی ئەم دواییەی نێوان کورد و تورکیا دوای لێدوانەکانی سەرۆك مسعودبارزانی بۆ کەناڵی (العربیە) و دواتریش هەرەشەکانی ئەردۆگان و بەرپرسانی سەربازی تورکیا هەڵوێستێکی زیاتر رون و کاریگەریان هەبوایە و هیچ نەبێت بگەیشتایەتە نیوەی ئەو هەڵوێستەی کە بەرامبەر مەریوان هەڵەبجەیی و بڵاوکردنەوەی کاریکاتێرەکانی رۆژنامە دانیمارکیەکە نواندیان. بەهەرحاڵ هێشتا بواری کارکردن و رێکخستنەوەی بیرکردنەوە و ستراتیژیەتێکی نەتەوەیی ماوە و دەبی روناکبیرانی ئێمە بزانن بۆچی ئەو هەموو کۆشك و مۆنیکا و سپلت و هۆڵە هاوچەرخانە و دابەشکردنی ئەو هەموو بیپسی و پاقلاوە و دیاریانەی لەکۆرەکاندا دەکرێت خەڵکی راناکێشێت بۆ گوێراگرتن لە زیرەکترین رۆژنامەنووس و بەناوبانگترین پرۆفیسۆر و روناکبیر ئەگەر خەڵکێیش بروات ئەوا مولزەم نابێت بە قسەکانیەوە و رەنگە هیچ قەناعەتیشیان بەقسەکانی نەبێت، بەڵام مەلای مزگەوتێك کە هەندی جار خوێندەواریەکەشی تەواو نیە و لەوانەشە لەمزگەوتێکی تاریك و لە (هاویندا گەرم و لەزستاندا سارد)، وتارێك یان خوتبەیەك پێشکەش دەکات بەسەدان کەس بەپی دەرۆن بۆ گوێگرتن و بەگوێی ئەو مەلایەش دەکەن؟!. لەراستیدا ئەمە پەیوەندی بە عەقیدەوە نیە هەروەك ئیسلامیەکان دەڵێن و کۆمەڵگاش نەخۆش نیە هەروەك عەلمانیەکان دەڵێن، بەڵکو کێشەکە لەسستمی ئیداری هەڵە و ناعەدالەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بێپلانی حکومەت و سەرکردایەتی سیاسی کوردستانەوە هەیە کە پیاوانی دەسەڵات لەترسی لەدەستدانی پۆست و کورسیەکان ئامادەنین راستیەکەی لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان باس بکەن و کەمیی رۆشنبیری سیاسی و ململانێی ناشارستانی حزبیی لەنێوان کادیرە پێشکەوتوەکانی پارتی و یەکێتی و حزبەکانی دیکەشدا هۆکاری ئەم پێشکەوتنە کیسەڵئاسایەی کوردستانە کە رەنگە بە لەرزینێك بەخێرای ئاسك بۆ دواوە بگەرێتەوە.

naqshbandy@gmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.